# پیاوسالاری: دەسەڵات، قوربانی

## بەشی دووەم

نەزەند بەگیخانی

**بواری تایبەتی، واتە فەزای ناوماڵ و خێزان، شوێنی گوێڕایەڵی و دەستەمۆکردن و پێشێلکردنی مافە. لەم بوارەدا ژن پاسیڤە و تواناکانی بەکاردەهێنرێن بۆ بەرزراگرتنی دەسەڵاتی پیاو و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. بە پێچەوانەوە، لە بواری گشتیدا ژن دەتوانێ ئاکتیڤ و بکەر بێت و خۆی بسەلمێنێ و تەحەددای دەسەڵاتی سەپێنراو بکات. بۆ بەرگریکردن و دابینکردنی ماف و ئازادیی و دادوەریی، دەبێ ژن سنورەکانی ئەم بوارە "نهێنی" و "تایبەتییە" ببڕێت و بچێتە ناو بواری گشتییەوە: واتە چالاک بێت لەناو ئەو رووبەرەی کە دینامیکیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن بەرجەستە دەکات**

لەبەشی یەکەمی ئەم باسە، بە کورتی تیشکم خستە سەردیالێکتیکی دەسەڵات و قوربانی و شێوازەکانی بەرگریکردنی ژن لە بەرامبەر دەسەڵاتی پیاوسالاری بۆ بەدەستهێنانی هێز و گۆڕینی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم باسی دینامیکیەتی شوێن و بەرگریکردن بکەم؛ مەبەستم لە شوێن بواری تایبەتی و گشتییە: بواری تایبەتی وەکو ناوماڵ و خێزان لە بەرامبەر بواری گشتیدا کە بریتیە لەو رووبەرەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕیی کۆمەڵایەتی و مەدەنی تێدا چالاکە.

لە بەشی رابردوودا باسی دوو شێوازی بەرگریکردنی ئافرەتمان کرد لە پرۆسەی خەبات و خۆرزگارکرندا: شێوازی ترادیسیۆنالی و شێوازی مۆدێرن. شێوازی یەکەم کە لە حالەتەکانی وەکو شووکردن، بوون بە دایک و پیریی بەرجەستە دەبێ، ئەگەرچی لە ناو کۆمەڵگە ترادیسیۆنالەکان جۆرێک لە دەسەڵات دەدات بەژن، بەڵام لەبەرئەوەی پابەندە بە سیستەمە کۆمەڵایەتییە باو و پیاوسالارییەکەوە، ئەوە ژن رزگار ناکات و پەیوەندی و پێوەرە ترادیسیۆنالەکان بەرهەم دێنێتەوە. بەرگریکردنێکی کاریگەرانە کە لە ئاستی دووەمدا بەرجەستە دەبێت دەتوانێ ژن لە فەزای ناوماڵ بێنێتە دەرەوە بۆ ناو بواری گشتیی کۆمەڵگە کە تا ئیمرۆش لە سەرانسەری جیهاندا لە رووی کۆمەڵایەتی و ماتێریالیەوە پیاو تێیدا زاڵە.

مەبەستمان لە بواری گشتی تەنها ئەو رووبەرە جوگرافیە نیە کە دەکەوێتە دەرەوەی ناوماڵ و خێزان، بەڵکو ئەو چەمکەیە کە گوزارە لە پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەمهێنان و هەروەها ئاڵوگۆڕیی کۆمەڵایەتی و مەدەنی

دەکات؛ واتە ئەو رووبەرەی کە دینامیکیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن بەرجەستە دەکات. لەم بوارەدا دەسەڵاتی پیاو زاڵە و پەیوەندییەکان و چۆنیەتی رێکخستنیان کۆمەڵێک کۆد و بەهایان دارشتووە کە ژن بێبەش دەکەن لە داهات و ئاڵوگۆڕیی کۆمەڵایەتیی و مەدەنی. بە پێی ئەو کۆد و بەهایانە کە لە خەیاڵی گشتیی کۆمەڵگە رەگیان داکوتاوە، فەزای ژن بواری "تایبەتیی" و "نهێنییە"، واتە ناوماڵ و خێزان کە پیاو لەوێش سەردارە و کۆنترۆلی توانا و هێز و سێکچوالیتێی ژن دەکات.  ژن کە لەناو ماڵ تەواوی کات و وزەی خۆی (لە دەرەوەی کاتی نووستن) بۆ خزمەتکردنی خێزان و وەچە نانەوە و بەخێوکردنی منداڵ سەرف دەکات، لە بەرامبەر ئەو کارە هیچ داهاتێکی نیە، کارەکەی بەرز نەنرخێنراوە و لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە دوورەپەرێز و دابڕاوە. لەم فەزا "نهێنییەدا" بوار بۆ بەرگریکردن نیە و ئەگەر ئافرەت نارەزاییش دەربڕێت ئەوە بەرەورووی توندوتیژیی دەبێتەوە. توندوتیژییەکانیش رەوایەتیان پێدەدرێت لە لایەن زۆربەوە، چونکە لە بواری ناوماڵ و "پرایڤێت" دا روودەدەن کە ژن تێیدا وەکو موڵکی پیاو وێناکراوە.

**لە رووی فیزیکیەوە، بەشێکی زۆری ئافرەتان ئەو ژوورە داخراوەی فەزای ناوماڵیان لە شێوەی عەبا وپەچە و دواتر سەرپۆش و جبە گواستۆتەوە بۆ ناو بواری گشتی**

بواری تایبەتی، واتە فەزای ناوماڵ و خێزان، شوێنی گوێڕایەڵی و دەستەمۆکردن و پێشێلکردنی مافە. لەم بوارەدا ژن پاسیڤە و تواناکانی بەکاردەهێنرێن بۆ بەرزراگرتنی دەسەڵاتی پیاو و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. بە پێچەوانەوە، لە بواری گشتیدا ژن دەتوانێ ئاکتیڤ و بکەر بێت و خۆی بسەلمێنێ و تەحەددای دەسەڵاتی سەپێنراو بکات. بۆ داکۆکیکردن و دابینکردنی ماف و ئازادیی و دادوەریی، دەبێ ژن سنورەکانی ئەم بوارە "نهێنی" و "تایبەتییە" ببڕێت و بچێتە ناو بواری گشتییەوە کە  تێیدا زەمینە رەخساوە بۆ بەرگریکردن و سەلماندنی توانا و ئیرادە و کەسایەتی. دەرچوونی ژن لە بواری تایبەتی و کۆنترۆلی خێزان و گەییشتن و چالاکبوونی لە بواری گشتیدا مەرجی سەرەکی بەرجەستەبوونی بەرگرییە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی.

ئایا ژنی کورد توانیویەتی سنوری ئەو دابەشبوونە ببڕێت و لە بواری گشتیدا بەشدارییەکی چالاکانەی هەبێت؟

دابەشبوون لە نێوان بواری تایبەتی و گشتیدا بەشێکە لە کولتور و ترادیسیۆنی کوردی. هێشتنەوەی ژن لە بواری تایبەتیی ناوماڵ و گوێڕایەڵی و سەردانەواندنی بۆ دەسەڵاتی خێزان لە کولتوری کوردیدا وەکو سیفاتی جوان و "شەرەفمەندی" و شانازیی بۆ بنەماڵە وەسف دەکرێت. لەم هاوکێشەیەدا، پیاو هەردەم هەوڵ دەدات بەناوی بەرگریکردن لە "کولتور" یا "ترادیسیۆن" دابەشبوونی ئەو دوو بوارە کۆمەڵایەتی و جوگرافیە بپارێزێت و لێکیان جیابکاتەوە. ئەو دەیەوێت ژن بێبەری بکات لەو زەمینەیەی کە دەرفەتی تێدایە بۆ بەرگریکردن، بۆ هۆشیاربوونەوە و گەییشتن بە ئازادی و ماف. هەوڵی پیاو بۆ بێبەریکردنی کچ لە خوێندن و فێربوون و بەکارهێنانی لەناو فەزای تایبەتیی ناوماڵدا بەشێکە لە ستراتیژییەتی پیاوان بۆ درێژەدان بە دابڕان

و ژێردەستەیی ژن. خوێندن و فێربوون ئامرازی هەرە بەهێزی هۆشیابوونەوە و بەرگریکردنن؛ کۆمەڵگە تراديسیۆنەکان و رژێمە فەندەمێنتالیستەکان هەردەم دژایەتی چوونە مەکتەبی کچان و پەروەردەی ئافرەتیان کردووە. بە دابڕان لەم بوارە، ئەو رژێمانە ویستوویانە ئافرەت دابڕێنن لە دینامیکیەتی داهێنان و بەرهەمهێنان و پەیوەندییە مەدەنییەکان و هۆکارەکانی بەرگریکردن. ئەمانە ئەو بنەما ماتێریالیانەن کە برەو بە دەسەڵاتی پیاو دەدەن لەناو خێزان و لە بواری گشتیدا.

**لە لادێ ژن نەیتوانیوە ببێتە ئەکتەر یا تەنانەت بەشداریکەریش لە مەجلیسی پیاو و دیوەخان و دەستەی "ریشسپی" یان کە شوێنی دەسەڵات و بڕیارن.**

ئەو دابەشبوونە لە نێوان بواری و گشتی و تایبەتی لە شاردا چڕترە و دابڕانی ژن لە بواری گشتیدا زیاتر ژنی نامۆ کردووە بە ژینگە و دەوروبەر. کوردستان کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیە و ستروکتوری کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا بنچینەیەکی لادێی و خێڵەکی هەیە. لە لادێ ژن لەرووی ئابوورییەوە هەردەم چالاکبووە و لەگەڵ پیاو لە بواری گشتیی و لە چوارچێوەی سنوری تەسکی لادێدا کاری کردووە. بەڵام ئەو کار و چالاکییە ئابوورییانەی ژن نەبوونەتە هۆی گۆڕینی ستاتوی کۆمەڵایەتیی ژن و فراژووبوونی پەیوەندییەکانی ژەندەر، چونکە ئەم پەیوەندییانە لە رووی جوگرافی و کۆمەڵایەتیەوە لە زەمینەیەکی بچووکدا روودەدان و ئاڵوگۆڕێش لەگەڵ جیهانی دەرەوەی ئەو جوگرافیایە زۆر کەمە. راستە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ژن لە چوارچێوەی نەریت و عەقلیەتی لادێ کراوەترە، بەڵام کار و چالاکیی ژن لە دەرەوە و بەخێوکردنی منداڵ و خزمەتی خێزان ئەرکی ژنیان زیاتر کردووە. بە هەمان شێوەش ژن نەیتوانیوە ببێتە ئەکتەر یا تەنانەت بەشداریکەریش لە مەجلیسی پیاو و دیوەخان و دەستەی "ریشسپی" یان کە شوێنی دەسەڵات و بڕیارن لە لادێ.

لە شارەکان، ئافرەتی کورد لە کوردستانی عێراق لە کۆتایی شەستەکان و ساڵانی حەفتای سەدەی رابردووەوە هاتۆتە ناو بواری گشتی و وەکو کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا کاری کردووە. بەڵام هاتنەدەرەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵ بۆ کارکردن لە دەرەوە نەبۆتە هۆی تێکەڵبوونی بە بواری گشتی و گۆڕینی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. دەتوانین بڵێین ژن لێرەدا تەنها لە رووی جوگرافیەوە شوێنی گۆڕیوە؛ لە رووی فیزیکیەوە، بەشێکی زۆری ئافرەتان ئەو ژووره داخراوەی فەزای ناوماڵیان لە شێوەی عەبا وپەچە و دواتر سەرپۆش و جبە گواستۆتەوە بۆ ناو بواری گشتی. واتە بە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ناوماڵ سنورەکانی نێوان بواری تایبەتی و گشتی نەبەزێنراون و ئەو فەزا تایبەتییەی کە ئەو تیایدا بێدەنگ و بێماف دەکرێت وەبەرهەم دێتەوە. ئەو رەوتە بۆتە هۆی پاراستنی ئەو کۆد و بەهایانەی کە رێگا دەگرن لە بەرگریکردن و تێکەڵبوونی کردەیی ژینگەیەکی نوێ بۆ تەحەدداکردنی دەسەڵات. ئەمەش واتە گۆڕینی شوێن و کارکردنی زیاتر نابنە هۆی گۆڕینی فەزای کۆمەڵایەتی و دروستبوونی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە. بە هەمان شێوەش دابەشبوونی کار لە نێوان ژن و پیاو لە بواری تایبەتیدا هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە؛ ژنی

کارمەند و فەرمانبەر دوای دەوام لە ماڵەوە هەمان رۆلی تەقلیدی خۆی دەبینێ لەبەرامبەر خێزان و پیاو و لە ئەنجامدا پەیوەندییە باوەکانی ژەندەر (خزمەتکار و سەردار) بەرهەم دێنەوە.

**خۆبەستنەوەی ژن تا سالآنێکی زۆر بە حیزبەکان و دیاریکردنی ئامانجیان بەپێی ئامانجی حیزبەکانیان رۆلی ژنیان زیاتر بچوک و لاواز کرد. تەنانەت لە سەردەمی شەڕی براکوژیشدا ژن نەیتوانی ئەو سنورە کۆمەلآیەتی و جوگرافیانە ببەزێنێت.**

بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، بە هەمان شێوە نەیتوانیوە ئالوگۆڕییەکی رادیکال لە پەیوەندییەکانی ژەندەر لە کوردستاندا دروست بکات. دیارە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لەسەرانسەری جیهاندا ژنیان لە ماڵ هێناوەتە دەر و وەکو پێویستیەک ژن بەشداری لە خەباتی سیاسیدا کردووە. بەلآم خاسیەتی هەرە سەرەکی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لەسەر ئاستی ژەندەر ئەوەیە کە پیاو تێیاندا بکەری بالآ و دەسەلآتدارە. ئەمەش وایکردووە کە رۆلی ژن لە چوارچێوەی ئەو 'کولتور" و "تراسیۆنەدا" دیاری بکات و دوای سەربەخۆییش (کە کوردستان ناگرێتەوە) هەرزوو ستروکتوری دەسەلآتی وولآتە ئازادکراوەکان و دەستور و یاسا لە بەرژەوەندیی پیاو و دابڕانی ژن لە بواری گشتیدا دارێژراون. لەناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا، ئەگەرچی ژن وەکو پیاو لەناو شار و لە شاخیش بەشداری خەباتی کردووە، بەلآم ئەو بە ئەندازەی رۆلی تەقلیدی ژن و چالاکییەکانی لە بواری تایبەتی لەناو حزب و بزووتنەوەکان کارا بووە نەک بە پێوەری خەباتی مۆدێرن؛ واتە ئافرەت بەو بەشداریکردنەی نەیتوانیوە تەجاوزی رۆلی تەقلیدی و نەریت و رەوشتی باو بکات. خۆبەستنەوەی ژن تا سالآنێکی زۆر بە حیزبەکان و دیاریکردنی ئامانجیان بەپێی ئامانجی حیزبەکانیان رۆلی ژنیان زیاتر بچوک و لاواز کرد. تەنانەت لە سەردەمی شەڕی براکوژیشدا ژن نەیتوانی ئەو سنورە کۆمەلآیەتی و جوگرافیانە ببەزێنێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆنتێکستی خەباتی نەتەوەییدا، ژن دەبێتە سێنتەری ناسنامە و رۆلی وەکو "رەحمی" نەتەوە پەرستان چالاکتر و گرنگتر دەبێت بۆ منداڵ دروستکردن و نەوەنانە و پاراستنی نەتەوە لە لەناوچوون. لێرەدا هەموو کۆد و بەها کوردەوارییەکانی وەکو شەرەف و نامووس برەو پەیدا دەکەن و لە رێگای ژنەوە دەپارێزرێن و لە بەرامبەر دوژمن وەکو چەکی بەرگریکردن بەکاردێن.

هەرچەندە لە دوای راپەڕین ئاووهەوایەک دروست بوو بۆ خۆرێکخستن و گوزارە لەخود کردن، بەلآم سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی نەیهێشت ئەو رەوتە وەکو پێویست گەشە بکات. لە ساڵی 1992 ژنان چالاکانە کەوتنە کار بۆ گۆڕینی یاسای باری کەسێتی و سزای عێراقی[i]. بەلآم ئەو بزووتنەوەیە درێژەی نەکێشا لەبەر زۆر هۆ، بەتایبەتی شەڕی براکوژی و دەرەنجامەکانی لە هەژاری و برەودان بە بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان. لە سەردەمی شەڕی براکوژیدا، جگە لە ڕێپێوانێکی ئاشتی کە لە ساڵی 1994 کۆمەڵی ژن پێی هەڵسان وەکو هەوڵێکی گرنگ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، ژنان وەکو پێویست نەیانتوانی تایبەتمەندیی خۆیان بسەلمێنن و لە سنوری سەپێنراوی ناو ماڵ و حیزب بێنە دەرەوە. سەرهەڵدانی کۆمەڵێ رێکخراوی نیمچە ئازادی ژنان لە کۆتایی نەوەدەکان تەکانێکی نوێی دا بە بزووتنەوەی ژن لە کوردستانی عێراقدا؛ واتە بۆ یەکەم

جار هەندێ ڕێکخراوی ژنان خۆیان لە ئامانج و داخوازییەکانی حزب جیاکردەوە و پێویستییەکانی ژنیان خستە ناو پرۆگرامی کار و چالاکییەکانیان. کارو چالاکییەکانیشیان لە پۆزیسیۆنی قوربانیبوونەوە چەقی دەگرت و وەکو بەدەنگەوەهاتنێک بۆ قوربانیان و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی دەربارەی توندوتیژییەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن. ئەمانە هەمووی کاری مرۆڤدۆستانە و ژندۆستانە بوون، بەڵام نەبوونە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی کارکردنی ژنانە و مۆدێرن بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە زۆرەکانی ئافرەت لە کوردستان. هەوڵنەدان بۆ دروستکردنی سیستەمێکی کار و پەیڕەوێکی بیرۆکراسی وزە و کاتی بزووتنەوەی ژنانی کوردی بەرەو ئاراستەیەک بردووە کە نەیتوانیوە ببێتە گروپێکی فشاری کاریگەر لەسەر دەسەڵات و لە بەرامبەر سێنتەری بڕیار. سەرەرای کۆمەڵێ کار و چالاکی مرۆڤدۆستانە، ڕێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە پرنسیپەکانی یەکسانیی ژەندەر و دادوەری کۆمەڵایەتی بهێننە ناو رۆژەڤی سیاسیی کوردیی و لەناو یاسا و شوێنی بڕیار جێگیری بکەن. جێگیرنەکردنی ئەو پرنسیپانە لەناو یاسا و مانەوەی دامەزراوە و پراکتیکە تەقلیدییەکانی وەکو سوڵحی عەشایری کە زۆرجار لەناو خودی ڕێکخراەکانی ژنان و ئافرەتان پیادە کراوە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و فراژووبوونی پەیوەندییەکانی ژەندەر و پرۆسەی دیموکراتیزەبوونیان دواخستووە. چونکە بە بێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە ناچێتە پێشەوە و نەتەوەش رزگاری نابێت.

**پێکەوەبوونی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا یەکسەر لێکدانەوەی سێکسی بۆ دەکرێ و دەخرێتە قالبی حەرامەکان و تاوانبار دەکرێت. سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی و کاراکردنی ئەخلاقییەتی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەو دابەشبوونەی نێوان بواری تایبەتی و گشتی چڕتر کردووە و ژن و پیاوی زیاتر بەیەکتر غەریب و نامۆ کردووە.**

بە کورتی، دەتوانین بڵێین سەرەڕای دەرچوونی ژن لە ماڵ و کارکردنی لە بواری گشتی و خۆرێکخستنی لە شێوەی ڕێکخراوی مەدەنی، ژنان لە کوردستان بە شێوەیەکی کردەیی تێکەڵ بە بواری گشتی و پەیوەندییە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان نەبوون. ئیمرۆ لە کوردستان ژن و پیاو دوو توخمی تەواو غەریب و نامۆن بەیەکتری. کۆمەڵگە لە دەرەوەی ناوماڵ کۆمەڵگەی پیاوە؛ دەسەڵات بە تەواوی لە دەستی پیاوانە و شەقامی شارە گەورەکانی کوردستان و یانە و هاوینەهەوار و سەیرانگاکان شوێنی پیاون و بە پیاو تەنراون و ژنانیش لە پەراوێزی دەسەڵات و پشت دیوار و نێو سنورەکانی ماڵ ئاخنراون. ئێواران لە چایخانە و یانە و ڕێستۆران و سەیرانگاکان پیاوان بە تەنها خەریکی خواردنەوە و گفتوگۆ و "رابواردنن". ژنانیش بە تەنها لە زەمینەیەکی دابڕاودا لەگەڵ منداڵ و لەناوخۆیاندا دەژین. ئەو حاڵەتە وایکردووە کە پێکەوەبوونی ژن و پیاو یا کچ و کوڕێک لە دەرەوە ببێتە حاڵەتێکی شاز و شوێنی پرسیار و تەنانەت لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش. کە بواری گشتی و تایبەتی بەو رادەیە دابەشبوو، ئەوە هەموو رەفتارێکی ژنان پێکەوەبوونێکیان لەگەڵ پیاو، واتە هەموو جووڵەیەکیان لە دەرەوەی کار و ئەرکی چاوەڕوانکراویاندا دەکەوێتە ژێر چاودێریی ورد و پشکنینەوە. لە ئەنجامدا ژن و پیاو وەکو دوو بوونەوەری جیا و نایەکسان و غەریب بەیەکتری گەشە دەکەن و ئەو پەیوەندییانەی کە کۆیان دەکاتەوە لە خەیاڵی گشتی کۆمەڵگەدا سێکسە؛ پێکەوەبوونی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی

ئێمەدا یەکسەر لێکدانەوەی سێکسی بۆ دەکرێ و دەخرێتە قالبی حەرامەکان و تاوانبار دەکرێت. سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی و کاراکردنی ئەخلاقییەتی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەو دابەشبوونەی نێوان بواری تایبەتی و گشتی چڕتر کردووە و ژن و پیاوی زیاتر بەیەکتر غەریب و نامۆ کردووە. بە بەزاندنی ئەو فەزا تەسکە لەسەر ئاستی جوگرافی و سایکۆلۆژی، ژن سنوری تەسکی ئازادی دەبەزێنێ و تەحەددای دەسەڵاتی پیاو دەکات و میکانیزمی بەرگریکردنی لە لا دروست دەبێت بۆ دابینکردنی ماف و دادوەریی ژەندەر. لەو پرۆسەیەدا پیاو هەست بە مەترسی دەکات و بەرگری دەکات لە هێز و دەسەڵاتی خۆی. بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی و وەستاندنی ژنیش پیاو پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی تا ئاستی لەناوبردنی فیزیکی ژن. زیادبوونی کوشتنی ناموسپەرستی لە کوردستان پەیوەستە بەو واقیعەوە.
ماویەتی

---

1. See: Dr Begikhani Nazand, “Honour-based violence: The case of Iraqi Kurdistan” in Dr Lynn Welshman and Sarah Hussain, Honour: Crimes, Paradigms and Violence against Women”, Zed Books, September 2005.